

# پرۆسەی گەڕانەوەی ئازاد

## پرۆسەی گەڕانەوەی ئازاد

پرۆسەی گەڕانەوەی ئازاد واتە لە سەر ویستی خۆتان بە پاڵ پشتی کۆماری بولگاریا بەرەو ووڵاتی خۆت .

• ئایا ئاماده باشیت هەیە بۆ گەڕانەوەت بەرەو وڵاتی خۆت
•ئەگەر هەست بە پێویستی گەڕانەوە ئەکەیت بەرەو وڵاتی خۆت ئەوا

کاریتاس سۆفیا بە هاوکاری وڵاتە یەگرتوەکانی ئەوروپاو کۆماری بولگاریا ئەتوانێت یارمەتیت بدات .

**ئامانجی پرۆژەکە**

مەبەست لەم پرۆژەکە یارمەرتی دانی ئەو پەنابەرانەیە کە ئارەزو دەکەن بگەڕێنەوە وڵاتانی خۆیان بە پاڵپشتی کۆماری بولگاریا و هاوکاری دەزگا حکومی و ناحکومیەکان وە ڕێکخراوە هەمە جۆرەکانی پەنابەران و کۆمەلگە خێرخوازەکان .

**چالاکیەکان**

١-زانیاری و بڵاو کراوە

مەبەست لەمەش بەخشینی زانیاریە بەو کەسانەی کە دەیانەوێت بە شێوەیەکی ئازاد بگەڕێنەوە بەرەو وڵاتی خۆیان

٢-گفتوگۆ

مەبەست لەمەش پرست کردنو گفتو گۆیە لەگەڵ ئەوکەسەدا کە بەنیازی گەڕانەوەیە لەڕوی یاسایو کۆمەڵایەتیەوە لە ڕێگەی هاوکاری کردنی لەلایان کاریتاس سۆفیاوە و خاچی سوری نێو دەوڵەتیو لیژنەی هێلسنگی بولگاریو وە هاوکاری دیکەش لە لایان کۆماری بولگاریاوە بۆ گەڕانەوەی ئازاد بەرەو وڵاتی خۆی بە پێی بنە ماکانی مافی مرۆڤ و ڕێزگرتن لە هەمو بونێکی مرۆ یی

٣-تەواو کردنی پرۆسەی گەڕانەوەی ئازاد

سەرەتا لەسەر بنەمای ڕێکخستنو نەخشەدانان لە نێوان تاکو ڕێکخراوە کۆمەک بەخشەکانی کۆماری بولگاریا و هەم ئاهەنگیو یەکتری تەواو کردن

وە ئەم هاوکاریانەش لەلایان سندوقی ئەوروپBG/RF2009/A7/GR21

وەزارەتی دەوڵەتی کۆماری بولگاریاوەیە

## **تۆ بێگانەیت له بولگاریادا له پێناوی ژیانێکی باشترو ئایندەیێکی ڕونتر بۆ خۆتو خێزانەکەت له یەکێک له وڵاتانی یه کێتی ئەروپادا ئایا ئومێدت هەیە؟**

ئێستا تۆ بویته بێگانەیێکی نا یاسای له کۆماری بولگاریادا وه بێبەشیت له
ـ بەشداریکردنت له بازاری ئازادا
ـ  یارمەتی کۆمەڵایەتی
ـ چاودێری تەندروستی
ئایا؟ ئەتوانیت سود وەربگریت له بەرنامەی هاریکاری ووڵاتانی ئەوروپی بۆ گەڕانەوەی ئازاد؟
ئێستا کۆمەڵەی وڵاته یەگرتوەکانی ئەوروپاو کۆماری بولگاریا هەلێکی باشدەدات بەو پەنابەرەی که ئارەزوی گەڕانەوه دەکات بەرەو ووڵاتی خۆیی.
وه به یارمەتی دانی و به پێشکەش کردنی هاوکاری گەڕانەوەی بەرەو ووڵاتی خۆیی بەپێی بنەما سیاسی  و سنوردارەکان و پرانسیپه جهانیەکانیی مافی مرۆڤ   .

**هەلبژاردنی گەڕانەوەی ئازاد سودمەندت دەکات لەم خزمەت گوزاریانه**

ـ ڕێپیشاندان بەشێوەیێکی یەکسانو شەفاف
ـ پلانی دەرچونو گەیشتن
ـ سەفەر کردنو گەیشتنت به شێوەی مسافرێکی ئاسای
ـ سودوەرگرتنت له خزمەت گوزاریو گفتو گۆکردن
ـ بەدەست هێنانی هاوکاری ئابوریو کۆمەڵایەتی له وڵاتی خۆت



## ئایا دەتەوێت سەرەتاییێکی تازەو کەسایەتییێکی نوێ لە ووڵاتی خۆت دروست بکەیت ؟

**ئایا پێویستت بە هاوکاری ئابوری هەیە بۆ گەڕانەوەت بۆ ووڵاتي خۆت بە شێوەییێکی سەرکەوتوانە ؟**

بۆ بەدەست هێنانی بلیتو وەسیقەی سەفەر لە ڕێگەی باڵوێزاخانەی ووڵاتەکەتەوە
پێدانی پارەو هاوکاری پێویست بۆ ڕێگە پێدانی سەفەر ئەگەر پێویست بکات بەناو خاکی وڵاتێکی تردا تێپەڕێت
بۆگەیشتن بە ووڵاتی خۆت ئەگەر لە ڕێگەی ئەرزیەوە بێت یان ئاسمانی
بۆ ڕێکخستنو هاوکاری کردنت

- گواستنەوەت لە بولگاریاوە لە پێناوی گەشتنت بەو شوێنەی کە تۆ دیاریت کردوە
- فێرکردنو ڕاهێنان
- چاودێری تەندروستیو پێدانی دەرمان بێ بەرام بەر
- نیشتە جێکردن
- پێدانی پارەی ئاو کارەباو ساردیو گەرمی
- ئەگەر شوێنی نیشتە جێبونت پێویستی بە نوێکردنەوەی خێرا هەبو ئەوا یارمەتی دەدرێیت بۆ نوێ کردنەوەی وە چەند هاوکاریەکی تریش

هەمو ئەو شتانەی کە لە سەرەوە باس کراون دوای گەڕانەوەتو گەشتنت بە ووڵاتی خۆت لە ڕێگەی ڕێکخراوێکی ناوخۆیی لە ولاتی خۆتان پێشکەشتان دەکرێت .
وە هەروەها پری ٢٠٠٠ دوهەزار یۆرۆشت پێدەدرێت
تێبینی ئەم هاوکاریە تاوەکو رۆژی ٣٠ یونیو ٢٠١١ دەبە خشرێت وە دوا تر دەوەستێنرێت .

## ئایا پێویست بە زانیاری زیاتر هەیە بۆ بڕیاردان؟



ئەم پرۆژەیە جێبەجێدەکرێت بە هاوکاری لەگەل

- خاچی سوری بولگاری
- لیژنەی هێلسنگی بولگاری
- ئاژانسی پەنابەرانی وەزارەتی ناوخۆی کۆماری بولگاریا
- ڕێکخراوی نێودەولەتی بۆ کارو باری پەنابەرانو کۆچبەران
- سەرۆکایەتی بولگاریا بۆکارو باری پەنا بەران و کۆچ بەران
- کۆمەلەی کۆچ بەرانو پەنابەران کە بارەگاکەی لە بولگاریایە
- تۆری کاریتاسی نێودەولەتی

## بڕیاری گەڕانەوەت بەرەو وڵاتی خۆت لای خۆتە .

بۆ
ـ ئەو پەنابەرانەی کە داخوازی پەنابەریان ڕەت کراوەتەوە
ـ ئەوانەی لە باری ئینسانیدان
ـ ئەوانەی کە هیچ مافێکی یاسایان نیە لە بولگاریادا
ـ ئەوانەی لە باری پەنا بەریدان
ـ ئەوانەی کە پڕیاری کۆتایی لە بەرژەوەندیان نەبوە بۆ مانەوەیان لە بولگاریادا
هەمو ئەو کەسانەی لە سەرەوە باسمان کردن دەتوانین هاوکاریان بکەین بەم شێوەیە
ـ پێدانی نوێترین زانیاری لە سەر ووڵاتی خۆی لەوانە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری وە هتر.....
ـ پەیوەندی کردن بە نزیکترین باڵوێزخانەی ووڵاتەکەیەوە بۆ پێدانی وەسیقەی سەفەر
ـ گەڕانو پەیوەندی کردن بە کەسەنزیکەکانیانەوە یان ناسیاوەکانتان لە ووڵاتی خۆتان
ـ یارمەتی دان بۆ پارێزەری تایبەت
ـ کۆکردنەوەو بەدەست هێنانی پروانامەی پێویست بۆوەزارەتی ناوخۆو بەشی پەیوەندی قنسولی و باڵوێزخانەو قنسولی کە پەیوەندی دارە بە ووڵاتی ئەسڵی خۆتەوە بۆپەیوەندی کردن بە ووڵاتی خۆتەوە بە مەبەستی گەڕانەوەت
ـ پێشکەش کردنی پروانامەکان بە وەزارەتی ناوخۆ ٤٨ ماریالویزا ١٠٠٠ سۆفیا
بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی دەرچونی درێژخایان لە بولگاریاوە لەپێناوی ئەوەی بگوازرێتەوە بۆ مالی تەیبەتی پەنابەران بوس مەنسی
ـ پێدانی فیزای تران زێت ئەگەر پێویست بکات
بەدەست هێنانی زانیاری تایبەت
ـ فرسەتی دوبارە ڕێکخستنەوەت لە وڵاتی خۆت

## کاریتاس چیە؟

پێکهێنەری ڕاستەو خۆی ئاینی مەسیحیەتە
کاریتاس ڕێکخراوێکە کە کەنیسەی کاتۆلیکی پێکی هێناوە
کاری هاوکاری کردنی ئەو کەسانەیە کە پێویستیان بە یارمەتی هەیە و
وە هەولی یەکخستنیان دەدات.
ئەوەی کە کاریتاس جیادەکاتەوە لە ڕێکخراوەکان قیەمو بیرو ڕای هاوبەشە .
کاریتاس سۆفیا یەکێکە لەوڕێکخراوانەی کە ئامەنجی بەخشینی هاریکاریە بە بێ بەرامبەر
ژمارەی تۆماری ٢٠٠٣٤١٦٠٠٩لەوەزارەتی داد
کاریتاس سۆفیا ئەندامە لە یەکێتی نیشتمانی کاریتازی کاسۆلیکی بولگاری کە ئەویش بەشێکە لە تۆڕی جیهانی
کەنیسەی کاسۆلیکی وە دەزگای کاریتازی نێودەولەتی
گرنگی ئێمە لە چیدایە ؟
کاری ئێمە هاوکاری کردنی هەمو کەسێکە بە بێ جیاوازی ڕەگەزی و نەتەوەی و ئاینی وسیاسی یان خەلکی
هەروڵاتێک بێت   وەلەگەڵ پێشکەش کردنی سۆزو محبەتا
وە هاوکاری کردنی مرۆڤەکان لە سەختی ژیان و وە پارێزگاری کردنیان لە هیواکانیان بۆنمونە کەسایەتیو سەلامەتی
کۆمەڵایەتی و هیتر بەشێوەیەکی سەر بەرزانە
هاوکاریەکان
لەکاتی  پێشکەش کردنی هاوکاریاکاندا پارێزگاری لە کەسایەتی و ڕێزیان لێدەگرێت وە هەولی لێبوردنی ڕۆحیان لە
نێوانیاندا دەدرێت
چی دەکەین؟
کاریتاس سۆفیا هاوکاریەکانی بێبەرام بەرە

**لە کۆێ ئەماندۆزیتەوە؟**

کاریتاس سۆفیا  تۆڕەکەمان پشت دەبەستێ بە کەسانی خۆ بەخش و فەرمانبەرە دامەزراوەکانمان لە  لە سۆفیا
،بورگاس،پۆلفدیف،یامبول،فلیکیو،بانیا ،ناوچەی نۆفازاکورات،پۆکرۆڤان،ناوچەی لڤایلۆڤگراد، وە  ئێمە کار دەکەین لە پێناوی
زیاد کردنی  تۆڕە خزمەت گوزاریەکانمان وە دەرگا کراوەیە بۆ هەمو ئەوکە سانەی کە ئەیانەوێ بەشداریمان بکەن .

## چۆن ئەتوانیت پەیوەندیمان پێوە بکەیت ؟

ئەگەر ئێوە بریاری گەڕانەوەتان داوە بەرەو وڵاتی خۆتان وە پێویستتە بە زانیاری زیاتر هەیە ؟
تکایە پەیوەندی بکە بە یەکێک لەم ناو نیشانانەی خوارەوە

**Каритас София**

کاریتاس سۆفیا
بۆ پەیوەندی سەرەتایو گفتو گۆی کۆمەڵایەتی

София ١٣٠٩، ж.к. Илинден، бл. ٥٥، вх. „B“، ет. ١
телефон: ٠٢/ ٩٢٠-٠٨-٢٥
ڕۆژانی سێ شەمە لە کات ژمێر ١٠.٠٠ بۆ ١٧.٠٠

سۆفیا منتەویدیو  ئاژانسی دەولەتی پەنا بەران
Държавна агенция за бежанците ،ئSофия، ул. „Монтевидео“ №٢١
Приемна на Интеграционния център - етаж ٢، стая ٢٠٨
پێنج شەمە ١٢.٠٠ بۆ ١٧.٠٠

خاچی سوری بولگاری
گفتو گۆی کۆمەڵایەتی
София ١٤٠٧، бул. „Джеймс Баучер“ №٧٦
телефон: ٠٢/ ٨١٦-٤٨-٢٢
سێ شەمە پێنج شەمە جومعە لە ٠٩.٠٠ بۆ ١٧.٠٠

کۆمیتەی هلسنگی بولگاری
کارو باری یاسایی
София ١٠٠٠، ул. „Узунджовска“ №١، ет. ٣
телефони: ٠٢/ ٩٨٠-٢٠-٤٩ и ٠٢/ ٩٨١-٣٣-١٨
دوشەمە تا جومعە لە ٠٩.٠٠ بۆ ١٧.٠٠

**Каритас София**

سەرچاوەی هاریکاریەکانی ئەم بەیان نامەیە  سندوقی ئەوروپی بۆ گەڕانەوە و لەگەل ووڵاتە یەگرتوەکانی ئەوروپا  پێشکەشی دەکەن .
هەمو بەر پرسیاریەتێکی ئەم بەیان نامەیە ئەکەوێتە ئەستۆ کاریتاس .
لە هەمان کاتیشدا ئە م بەیان نامەیە تەعبیردەکات لە سەر بیرورای رەس  بەرپرس